عەرەبەکانی حەویجە داوای پێکهێنانی هێزی پشتیوانی دەکەن

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە سەرۆک هۆزەکانی عەرەبی دەڤەری حەویجە زۆر شێلگیرانە لەگەڵ پێکهێنانی فەوجی ئیسناددان. لەم بارەیەوە محەمەد خەلیل جبوری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو ئەندامی گردبوونەوەی عەرەبی لەکەرکوک، لەلێدوانێکدا پشتگیری خۆیی لەدروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئیسناد بەمەرج دەربڕیووە، ئەگەر خاوەن چەک نەبنو کاریشیان تەنیا هاوکاری حکومەتی عێراق بێ.

گوندی دۆڵەبی چاوەڕوانی ٥٠ تاوەری کارەبا دەکات

گوندی دۆڵەبی جافایەتی ماوەی سێ ساڵە چاوەڕوانی تاوەری کارەبا دەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە کارەبای نیشتمانی بۆ گوندەکە دابین کراوە، بەڵام بەهۆی کەمبوونی ٥٠ تاوەر تا ئێستا نەتوانراوە سوود لە کارەبا وەربگرن.بەهۆیەشەوە ناڕازیبوونی خۆیان پێشان دەدەن و خوازیارن کە لایەنی پەیوەندار هاوکاریان لەگەڵ دا بکات و کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات و گوندەکەیان رۆشن بکاتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەم گوندە وەک زۆربەی گوندەکانی دیکە لە سەردەمی رژێمی بەعس دووچاری خاپورکردن بوو، دانیشتوانەکەی راگوێزران و ژمارەیەکیشان لێ ئەنفال کرا.

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بەشداری کۆنفرانسی ئەم ساڵی GfbV دەکات

بەگوێرەی راگەیاندراوێک کە کۆمەڵەی داکۆکیکار لە گەلانی هەرەشە لێکراو بلاوی کردۆتەوە، ئەمساڵ سەرۆکی شارەوانی شاری هەڵەبجە بەشداری کە کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمەڵەکەدا دەکات.

بەگوێرەی راگەیاندراوەکە کۆمەڵەی داکۆکیکار لە گەلانی هەرەشەلێکراو لە رۆژی شەشی دیسێمبەری ئەم ساڵ کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی لە شاری گۆتنگنی ئەڵمانیا پێک دێنێ، بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسە هەریەکە لە خدر کەریم سەرۆکی شارەوانی شاری هەڵەبجە و هونەرمەندان شوان پەروەرو خالید رەشید بانگهێشت کراون.

منداڵانی گەرمیان چاو لە هاوکاری خێرخوازن دەبڕن

بەگوێرەی هەواڵەکان، منداڵانی بنەماڵە هەژارەکانی دەڤەری گەرمیان لە هاوکاری و کۆمەکی حکومەت هیوابڕبوونەو چاویان لەو هاوکاریانەیە کە رێکخراوە خێرخوازیەکان دابەشی دەکەن.

دوای ئەوەی رێکخراوی خێرخوازی گەرمیان هاوکاری بەسەر ژمارەیەک منداڵی هەژاری کفری و کەلارو رزگاری دابەش کرد، دواتر هاوکاری بەسەر ٢٠ فێرخوازی فێرگەی باوەخۆشێن و ٥٠ منداڵی شاری دەربەندیخان دابەش کرد، منداڵانی بنەماڵە هەژارەکان هیواخوازن کە ئەو هاوکاریانە ئەوانیش بگرێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە بەهۆی ئەوەی کە لەسەدەمی رژێمی بەعس دا، دەڤەری گەرمیان دووچاری پرۆسەی ئەنفالکردن بۆتەوە و تا ئێستاش وەکو پێویست گوندەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆر بنەماڵەی هەژار لە شارۆچکەو ئۆردوگەکاندا دەژین، هەندێک لەبنەماڵەکان توانای ئەوەیان نیە کە منداڵەکانیان رەوانەی بەر خوێندن بکەن، بۆیە چاویان لە هاوکاری حکومەتی هەرێم و رێکخراوە خێرخوازەکان بڕێوە.

ژنانی هەولێر دووچاری توونداوتیژی دەبنەوە

وێڕای ئەوەی کە کەمپینی دژ بە توونداوتیژی ژنان پێکهاتووە، بەڵام تا ئێستاش توونداوتیژی لەدژی ژنان درێژەی هەیە، لەماوەی رابردوو ژنێک لە شاری هەولێر بەناوی (خ.ق) تەمەن ١٨ ساڵ لە رووداوێکی نادیاردا سوتا، ژنێکی دیکەش بە ناوی (ز.گ) تەمەن ٢٩ ساڵ، دانیشتووی پردێ لەلایەن هاوسەرەکەیەوە سێ چەقۆی لێدرا، هەروەها ژنێکی دیکە بەناوی (ت.ل) تەمەن ٢٥ ساڵ لەدادگە سکاڵای لەدژی پیاوێ تۆمار کرد، بەتۆمەتی ئەوەی کە دەیەوێ بەزۆر شووی پێبکات.

شاندێکی حزبی رزگاری سەردانی حزبی شیوعی کوردستان دەکات

کاتژمێر١٦ی رۆژی ٢-١١-٢٠٠٨ شاندێکی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان **رێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی، **هەژار زراری** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، **کاروخ عوسمان** راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، **ئیبراهیم محەمەدئەمین** ئەندامی سکرتاریا سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانیان کرد لە شاری هەولێر، لەلایەن بەڕێزان **هاوڕێ عەلی زەنگەنە** ئەندامی مەکتەبی سیاسی، **هاوڕێ محەمەد شێخانی** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و **هاوتا رەسول** و **هاوڕێ کرێکار** ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ناوەندییەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا، ئەوساز لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق کراو پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەردوولا هاوڕابوون کە دەبێ دیداری نێوان لایەنە سیاسیەکان درێژەی هەبێ و سەبارەت بە کێشەو گرفتەکان بیروڕا بگۆڕدرێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە جەخت لەسەر پتەوکردنی پێوەندی نێوان لایەنە چەپ و یەکسانی خوازەکانی کوردستان کرایەوە.

سکرتێری حزبی رزگاریی سەردانی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان دەکات

کاتژمێر١١ی رۆژی ٤-١١-٢٠٠٨ هەڤاڵ **رێکار ئەحمەد**، سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان سەردانی بارەگای بزووتنەوەی دیموکراسیخوازنی کوردستان کرد لە شاری سلێمانی، لەلایەن بەڕێزان کاک **سامان عەلا** سکرتێری مەکتەبی سیاسی، هاوڕێیان عومەر شاوری ، مالزم ئەکرەم و کاک دەرسیم ئەندامانی سەرکردایەتی بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق کراو پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، جەخت لەسەر یەکرێزی و هاوهەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرایەوە، کارکردن لەپێناو یەکخستنی رێکخراوە سیاسیە هاوئامانجەکانیان بە گرنگ و پێویست دانا، هیوایان خواست لە پێناو پێشخستن و بەرەو پێشەوە بردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان شێلگیرانە کاری بۆ بکرێ

بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر پێشوازی لە بەرپرسی موتابەعەی مەکتەب رێکخستنی کۆمەڵ دەکات

کاتژمێر ١٦ی رۆژی ١١-١١-٢٠٠٨ کاک شوان رابەر بەرپرسی موتابەعەی رێکخستنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان سەردانی بارەگای کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانی کورد کە لەلایەن هەڤاڵ هەژار زراری بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا، ئەوسا لە دانیشتنێکی برایانەدا باس لە پێوەندیەکانی نێوان حزبی رزگاریی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کرا. هەردوولا هاوڕابوون کە دەبێ پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پەرەیان پێبدرێ و قوڵتر بکرێتەوە، چونکە تەنیا بە گەشەپێدان و بەرەو پێشەوە بردنی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان لەنێو خۆیان و لەگەڵ جەماوەری کوردستاندا دەتواندرێ پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بکرێ کە خۆی لە حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و دامەزراوەکانیاندا بەرجەستە دەبێ. هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کەدەبێ لایەنە کوردستانیەکان لەبەرانبەر بۆچوونەکانی حکومەتی بەغدادا هاوهەڵوێست و هاوخەبات بن.

هەڵەبجە سەردانی خانەقین دەکات

بریاروایە رۆژی سێ شەممە، رێکەوتی ١٨-١١-٢٠٠٨ شاندێک لە رۆژنامەوان و شاعیرانی هەڵەبجە سەردانی شاری خانەقین بکەن و لەوێ چالاکی "هێڵەسورەکانی بکوژێننەوە و شیعر بکەنە دیاری خانەقین" بەڕێوەببەن.

خەبات نەوزاد کە وەک رۆژنامەنوسێک لەگەڵ شاندەکدایە، بە چاک نیوزی گوتووە "بەمەبەستی شکاندنی ئەو تەلیسمەی لە نێوان ناوچە تازە ئازاد کراوەکان و هەرێمی کوردستان هەیە بە میوانداری سەنتەری مرواری سەردانی شاری خانەقین دەکەین، لەوێ چەندین چالاکی شیعری پێشکەش دەکەین".

خەبات ئاشکرای کردووە کە هەریەکە لە شاعیران "ئاری عەبدولەتیف، عومەر عەبدول، سەلاحەرەش، گۆریان، ئیدریس عەلی، ئارام بامۆکی" هاوری لەگەڵ رۆژنامەنوسان "ئەردەڵان ئەحمەد و خەبات نەوزاد و سەلام علی" بەشداری لە شاندەکە دەکەن.

بەپێی قسەکانی خەبات چالاکی گروپی هەڵەبجە لە خانەقین لەژێر دروشمی "هەڵەبجە لە خانەقین دا خۆشەویستی و شیعر دائەگیرسێنێ و هێڵە سورەکان دەکوژێنێتەوە" چالاکی ئەنجام دەدات.

جێگەی ئاماژەیە کە شاری هەڵەبجە لە دوری ٨٦ کلم ی شاری سلێمانیەوە هەڵکەوتووە، بەپێی لێدوانی رۆشنبیرانی ئەوشارە، هەڵەبجە بەرلەوەی ژەهری کیمیاوی بەسەردا بباریندرێ، بەلانکەی ئەدەب و شیعری کوردی دادەنرا.

هەواڵی سەیر

پەرسی ساڵەم

ئەفسەرێکی عەرەب بە ناوی(م.ع.س) لەسەردەمی رژێمی بەعس بەهۆی ئەوەی ئامادە نەبوو هاوسەرەکەی کە کوردێکی فەیلیە تەڵاق بدات لە ریزەکانی سوپا دەکرا، ئێستا دەیەوێ لانەی کەم پێوانەی بۆ بکەن و مووچەی خانەنشینی بۆ ببڕنەوە، بەڵام وەڵامی نادەنەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ساڵی ١٩٨١ رژێمی بەعس بڕیاری ٤٧٤ی دەرکرد، لە بڕیارەکەدا هاتبوو هەر سەرباز و ئەفسەرێک ئەگەر هاوسەرەکەی کوردی فەیلی بێ، تەڵاق بدات، بڕی ٤٥٠٠ دیناری پێدەدرێ کە ئەوکات دەیکردە ١٣٥٠٠ دۆلار، هەروەها ئەوەی بڕیارەکەش پەسند نەکات، لە ریزی سوپا دەردەکرێ، ئەوێ رۆژێ زۆرێک لە ئەفسەرەکان لە هاوسەرەکانیان کە کوردی فەیلی بوون، جیابوونەوە، بەڵام ئەفسەرێکی عەرەب بە ناوی (م.ع.س) وازی لە هاوسەرەکەی نەهێنا، بەوهۆیەوە دەرکراو ساڵانی خزمەتەکەشی بۆ حیساب نەکرا، ئێستا کە داوای مافەکانی خۆی دەکات، گوێی لێناگیرێ و وەڵامی نادرێتەوە.

بەمەبەستی نەهێشتینی دیاردەی سوڕانەوەی کەری بەڕەڵا لەنێو شەقامەکاندا ، لە ماوەی رابردوودا شارەوانی شاری کۆیە بڕیاری دا هەرکەسێک کەرێک رادەستی ئەوان بکات، خەڵات دەکرێ و بڕێک پارەی پێدەرێ. ئێستا کە ژمارەیەکی زۆر لەو کەرە بەڕەڵڵایانە کۆکراونەتەوە بەرەو دەڤەری قەڵادزێ و دۆڵی بالیسان و گۆپتەپە گوستراونەتەوە، گوایە ئەمەش لە سەر پێشنیاری کادیرانی حزبی کەرانەوە جێبەجێ کراوە!

رۆژێ ١١-١١-٢٠٠٨ سەگێکی هار لەنێو باخێکی شارۆچکەی چوارقورنەدا پەلاماری چوار کەس دەدات و بە سەختی برینداریان دەکات، بەوهۆیەوە هەر دەمودەست رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن، یەکێک لە برینداریەکان بەناوی (ح.س) کە باخەوانە ژیانی لەمەترسی دایە.

رۆژی١٠-١١-٢٠٠٨ کەسێک بەناوی (س.ح.ی)، تەمەن ٢٠ ساڵ دانیشتووی حاجیاوا، پەنا بۆ پۆلیس دەبات و سکاڵا لەسەر سێ کەس تۆمار دەکات، بەهۆیەوە دەستگیر دەکرێن.

وڵاتی (س.ح.ی) کاتێک کە هاوسەرەکەی بەناوی (ش.ک) بزر دەبێ، گومان لە سێ کەس دەکات، بەتۆمەی رفاندن سکاڵایان لەدژدا تۆمار دەکات، دوای دەستگیر کردنیان دانیان بەوەدانا کە ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی ناگونجێ، بۆیە رای کردووەو لە شاری رانیەدا خۆی لە ماڵێکدا شاردۆتەوە! ئیتر ژنەکە دۆزرایەوەو بۆ ماڵی مێردەی گەڕاندرایەوە!

تەندروستی پشکنینی بۆ ئاوی چۆمان کردووە، دەریخستووە کە بەکەلک خوراندنەوە نایەت، بەڵام لایەنی حکومەت لەجیاتی هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەڵبگرێتەوە کەچی ٢ ملیۆن حەبی کلۆریان بەسەر ماڵەکان دابەش کردووە، بەوهۆیەوە خەڵکی دەڤەرەکە نارازین و حکومەت بەبەرپرسیار دادەنین لە بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشییێک!

لە شاری زیقاری باشووری عێراق بۆ کێبەرکێ لەسەر وەدەستهێنانی ٣١ کورسی ئەنجوومەنی پارێزگاکە ١٥٥٠کەس خۆیان پاڵاوتووەو ٦٧ قەوارەی سیاسیش کێ بەرکی دەکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە ٣٦٠ ژن خۆیان پاڵاوتووە. لەلایەکی دیکەشەوە زانراوە کە لە پارێزگای نەجەفیش زیاتر لە ١٥٠٠ کەس خۆیان کاندید کردووە!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com